
# کامیلیا

## لەگەڵ دادەکەی

له عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا



زنجیرەی منداڵی سەردەم

٥٩

زنجیرەی کتێبی منداڵی سەردەم (٥٩)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

www.sardem.info

■ **کامیلیا لەگەڵ دادەکەی**

نووسینی: نانسی دیلڤۆ - ئالین دو باتینی

بۆ عەرەبی: ماهیر محیو

بابەت: ئەدەبی منداڵ

وەرگێڕان و دیزاینی: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

مافی لەچاپدانی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە ©



دایکی: «کامیلیا، سبەی ئێوارە من و باوکت دەچین بۆ نانخواردن لە دەرەوە.»
کامیلیا: «زۆر خۆشە، دەچین بۆ چ خواردنگەیەک؟»
دایکی: «وتم من و باوکت... تۆ لەگەڵ لۆرا لە ماڵەوە دەبیت.»
کامیلیا: «لۆرا کێیە؟ من نایناسم!!»



دایکی: «ئەو خانمێکی زۆر میهرەبانە، پێکەوە نانی ئێوارە دەخۆن،
چیرۆکت بۆ دەخوێنێتەوە، یاریت لەگەڵ دەکات...
دڵنیابە هەموو شتێک باش دەچێتە ڕێوە.»
کامیلیا:«دایکە، تۆ دەزانی من زۆر شەرمنم!!»
دایکی: «نەخێر، تۆ شەرمن نیت!! لۆرا دادەیەکی ڕووخۆشە،
دڵنیام دەبنە هاوڕێی یەکتر.»

کاتێک کامیلیا چووە ناو پێخەفەکەی، بە ورچەی وت:
– دەزانی ورچە، من و تۆ لەگەڵ خانمێک دەمێنینەوە کە نایناسین!!
ئەمە لەکاتێکدا کە من حەز دەکەم لەگەڵ دایک و باوکم بڕۆم.





سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر، کاتێک کامیلیا لە خەو هەڵسابوو و خەریکی نانخواردن بوو، بیری لەو شەوە دەکردەوە، کە لەگەڵ لۆرا بەسەری دەبات.
ئەو زۆر نیگەران بوو، بۆیە دایکی دڵی دەدایەوە، بەڵام بێسوود بوو.

باوکی: «بڕوام پێ بکە کامیلیا هەموو شتێک باش دەبێت.»
لەو کاتەدا زەنگی دەرگاکە لێی دا.
دایکی: «ئازیزەکەم کامیلیا، خێرا وەرە لۆرا گەیشت.»





لای دەروازەی ماڵەکە کامیلیا ڕووی بوو بە ڕووی لۆراوە،
کە کچێکی تۆزێک لە خۆی گەورەتر و لە دایکی بچووکتر بوو.
لۆرا: «ئەم کاتەت باش کامیلیا. ئەم ئێوارەیە من ئاگام لێت دەبێت!!»
کامیلیا بەدەم بۆڵەوە وتی: «دەزانم.»



کاتێک دایک و باوکی ڕۆیشتن، کامیلیا نەی دەزانی چی بە لۆرا بڵێ.
لۆرا: «کامیلیا، دەمبەیت بۆ چێشتخانەکەتان، تا بزانم چی دەخۆیت؟»



کاتێک لۆرا دەرگای ساردکەرەوەکەی کردەوە:

- یام!! یام!! من دڵنیام حەزت لە سپاگێتییە، وانییە؟

کامیلیا بە سەرسامییەوە وتی: «بەڵێ، چۆن زانیت؟»

لۆرا: «هەروەها پارووی کەرە بە شوکولاتەوە!!»

کامیلیا: «وایە، چۆن زانیت؟؟»

لۆرا:«ئەوە لەناو ساردکەرەوەکەدا دانراوە، لەگەڵ کارتێک کە لە سەری نووسراوە (ئەوە بۆ ئێوە کچەکان). دەڵێی چی سپاگێتییەکە بخەینە ناو فڕنەکەوە، بۆ ئەوەی گەرم بێتەوە؟»

کامیلیا: «زۆر باشە!!»

پاش چاوشارکێ و یاریکردن، کامیلیا و لۆرا چوون بۆ ژوورەکەی کامیلیا
بۆ نیگارکێشان و یاریکردن بە ڕەنگەکان.





کامیلیا قیژاندی: «ئەمە سەیروسەمەرەترین دڕندەیە!»
لۆرا: «ڕاست دەکەیت!! ئێستا بچین نانەکەمان بخۆین؟»



کامیلیا و لۆرا لەسەر مێزەکە دانیشتن و دەستیان بە خواردنی ئەو سپاگێتییە کرد، کە باوکی ئامادەی کردبوو.

کامیلیا:«یام! لۆرا خواردنێکی زۆر خۆشە. ئەمە ئەوەیە کە زۆر حەزم لێیەتی!»

لۆرا: «منیش بە هەمان شێوە! بەڵام زیاتر حەزم لە پارووی کەرەیە بە شوکولاتەوە!»

کامیلیا بەدەم پێکەنینەوە: «منیش!»

کامیلیا: «دەزانی لۆرا؟ پێم وابوو زوو دەم خەوێنی و بایەخم پێ نادەیت،
بۆیە نیگەران بووم، بەڵام ئێستا پێم خۆشە لەگەڵ تۆم و دڵتەنگ نی،
لەبەر ئەوەی لەگەڵ دایکم نەڕۆیشتم.»





لۆرا: «ڕاست دەکەیت، چونکە لە خوردنگەکە نەت دەتوانی چاوشارکێ و یاری بکەیت و چیرۆک بخوێنیتەوە.»



کامیلیا: «بەڵێ، دەبوایە بێدەنگ بوویتایە،
بەڵام لێرە دەتوانی بە دەنگی بەرز گۆرانی بڵێی.»
ئینجا هەردوو هاوڕێکە دەستیان کرد بە گۆرانی وتن و سەماکردن.



لۆرا: «کاتی ئەوە هاتووە کامیلیا جلوبەرگی خەوتن بپۆشێت و بچێتە ناو پێخەفەکەتەوە.
دەبینی ورچە چۆن کارەکەی خۆی تەواو کردووە و چۆتە ناو پێخەفەکەوە.»
لۆرا لەسەر قەراخی پێخەفەکە دانیشت، تا چیرۆکێک بخوێنێتەوە.
کامیلیا: «لۆرا، ئەگەر جارێکی تر دایک و باوکم چوون بۆ نانخواردن لە خواردنگە،
پێم خۆشە تۆ بێیتەوە و ئاگات لێم بێت.»



لۆرا: «کامیلیا گیان، منیش بەهەمان شێوە! بەڵام بە باوکت بڵێ سپاگێتی و...»
کامیلیا:«کەرە بە شوکولاتەوە ئامادە بکات!!»
هەردوو کچەکە دایانە قاقای پێکەنین.

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam Printing & Publishing House